# شێخ عوبەیدیللا، شێخی عارفی کورد و جیرانە مەسیحییەکانی

**دوکتور کەماڵ سولەیمانی، مامۆستای زانکۆی کۆڵمێکس**

**وەرگێڕ: کامیل شەریف پوور، ماستێری مافی خۆکەسی**

بڵاوەبوو:

The Journal of Critical Global South Studies

Vol. ٢, No. ١, Kurdish Culture, Identity and Geopolitics: Toward Decolonization (Summer ٢٠١٨), pp. ٦-٢١

**پوختە**

ئەم وتارە لە بۆچوونە ئایینی و سیاسییەکانی شێخ عوبەیدیللای نەهری ڕێبەری ڕاپەڕینی گەلی کورد لە ساڵی ١٨٨٠ دەکۆڵێتەوە. وتاری بەردەست، لە سەرچاوە دەستە یەکەمە نوێکان کەڵک وەردەگرێت و ئەو هەلە دەرەخسێنێت وێنەیەکی تۆکمەتر لە سنوور و دەڤەری ڕوانگەکانی شێخ عوبەیدیللا سەبارەت بە ژومارەیەک پرسی سەرەکی بە تایبەت لەمەڕ بابەتی جیهانداگری ئایینی و لێبوردەیی و پەروەردەی کوردی و نەتەوەخوازی کوردی بە دەستەوە بدات. ئەم وتارە، توێژینەوە ئارشیڤی و سەرچاوە دەسەیەکەمەکان بە کار دێنت، تا ڕوانگەی زانستی زاڵ تووشی ئالێنگاری بکات کە گوایە ڕاپەڕینی شێخ، وێکچوو لە گەڵ ڕوانگەی تورکەکان، لە بۆچوونی دژە مەسیحی ئەووەوە سەرچاوەی گرتووە. بەڵام لە بەرامبەردا، ئەم وتارە دەسەلمێنێت کە بۆچوونی شێخ بە تەواوی لە گەڵ ئەم ڕوانگانەدا دژایەتی هەیە و بە پێچەوانەوە زیاتر ڕیشەی لە جیهانداگری(یونیوێرسالیسم) ئایینی لە جۆری مەولانا هەیە کە لە واقیعدا بە سینگفراوانییەوە لە گەڵ مەسییحییەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئەم وتارە بە تایبەتی جەخت دەکاتە سەر پەیوەندی شێخ لەگەڵ ناموسڵمانان و بە چڕی کەڵک وەردەگرێ لە لێدوانێکی شێخ لە گەڵ میسیۆنێرێکی مەسێحی کە زیاتر لە دوو کات ژمێری خایاندووە. ئەم لێدوانە درێژخایەنە زۆر شت سەبارەت بە پاڵنەرەکانی ڕاپەڕینی شێخ لە ساڵی ١٨٨٠ ئاشکرا دەکات و هەروەها دەپەرژێتە سەر کەسایەتی پێشتر نەناسراوی شێخ و سەرنج ڕاکێش‌تر ئەو بۆچوونە نائۆرتۆدۆکسیانەی ئەو سەبارەت بە جیهانداگری و لێبوردەیی ئایینی.

**دەرکە**

شێخ عوبەیدیللای نەهری یەکێک لە گەورەترین شێخە کوردییەکانی نەقشبەندییە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ژیاوە. سەی تەهای باوەگەورەی، بە دەیان ساڵ پێشتر تەسەووفی نەقشبەندی ڕەچاو کرد کە لە لایەن شێخی سۆفی ناسراو بە مەولانا خالیدی کوردی یان بەغدادی(١٨٢٧- ١٧٧٩) ١ دامەزرێندرا و پەرەی سەند. شێخ عوبەیدیللا بە ڕاپەڕینی کوردانەی خۆی لە ساڵی ١٨٨٠ لە گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی سەری هەڵدا و لەم ڕێگەوە شوێنەوارێکی هەرماوی لە یادگەی مێژوویی مودێرنی کورددا بە جێهێشت ٢. ئەم ڕاپەڕینە نموونەیەکی ئاشکرا لە ئاوێتەیی ئیسلام و نەتەوەخوازی ئاراستە دەکات. نەتەوەخوازی ئایینی لە سەدەی دواییدا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە نێو موسڵماناندا پەرەی سەند. پرۆژەکەی شێخ عوبەیدیللا شێوەیەکی هاوئاهەنگی بزاڤی ژیاندنەوەی ئیسلامی لە گەڵ نەتەوەخوازی کوردی نیشان داوە و بە نۆبەی خۆی دەرخەری کۆدەقێکی کۆمەڵایەتی مێژوویی دیاریکراو بووە: دۆخی کارەساتاوی دوای شەڕی رووس و عوسمانییەکان لە کوردوستاندا لە ساڵی ١٨٧٧- ١٨٧٨، بەرز بوونەوەی نەتەوەخوازی و هەڵسوکەوتی ناوەند لە گەڵ پەراوێزدا. لە پاش تێکشکانی ڕاپەڕین، شێخ دوورخراوە بۆ ئەستەنبوڵ و بە ماوەی دوو ساڵ لە تاراوگەدا ژینی بردە سەر. لە ساڵی ١٨٨٢ شێخ بە تەمای ڕێکخستنەوەی ڕاپەڕینێکی تر لە ئەستەنبوڵ ڕای کرد. بەڵام هەڵاتنەکەی بێ ئاکام بوو، سەر لە نوێ لە لایەن دەسەڵاتی عوسمانییەوە دەس‌بەسەر کراوە. سەرەتا گوازراوە بۆ موسڵ و دواتر بۆ مەککە ڕاگوێزرا و لە ساڵی ١٨٨٣ لەوێ کۆچی دوایی کرد. سەرەڕای هەڵکەوتەیی شێخ لە یادگەی مێژوویی کوردەکاندا، بەڵام زانیارییەکی کەم لەمەڕ ژیان و بۆچوونەکانی شێخ لەبەر دەستایە. بە هۆی نەبوونی زانیاری دەقی سەبارەت بە ژیانی شێخ، هێشتا زۆر شت بۆ دۆزینەوەی ژیان‌نامە و بۆچوونی سیاسی و ئایینی شێخ بەجێماوە. بەڵام ڕیزپەڕێک هەیە، ئەویش بریتییە لەو بەڵگانەی کە میسیۆنێرێکی ئەمریکی هانری ئوتیس دوایت لە ساڵی ١٨٨١ لە مەودای دوورخرانەوەی دوایی بۆ ئەستەنبوول لە گەڵیدا وتووێژی کرد،پێشکەشی کردووە، دوایت بەم شێوە پەسنی شێخ دەکات:

پیاوێکی کورتەباڵایە کە تەمەنی نزیک بە چل و پێنج ساڵ دەبێت،پۆشەنی ئاسایی پیاوێکی بەرێزی تورکی ڕۆژهەڵاتی لەبەر دەکات و مێزەرێکی سپی بە دەور کڵاوێکی سپیدا دەپێچێتەوە. کاتێ هەوا سارد دەبێت، شاڵ گەردنێکی عەرەبی زەردی ڕێ ڕێ کە بە سەر سەریەوەتی، گوێ و گەردنی پێ دادەپێچێت٣.

هەروەکوو لە ژێرەوە روون کراوەتەوە، وتووێژەکەی دوایت لە گۆشەنیگایەکی تەواو جیاوازەوە شێخ وێنا دەکات. ئەم چاوپێکەوتنە گەلێک لایەنی بۆچوونی ئایینی و سیاسی شێخ کە تا ڕادەیەکی زۆر خوێندنەوە هەنووکەییەکان لەبەرچاوییان نەگرتووە، روون دەکاتەوە ٤. ئاشکرایە ئەم لێدوانەی دوایت، سەرچاوەیەکی بنەڕەتی دەگمەنە کە مەبەست و ئامادەیی شێخ بۆ ڕاپەڕینێکی تر لەدوای شکەستی ساڵی ١٨٨٠ پیشان دەدات. هەروەکوو پێویستە دەبێ جەخت کەمەوە کە داکۆکی ئەم وتارە دووپات کردنەوەی کرۆنۆلۆژی ڕووداوەکان نییە، بەڵکوو کەڵکەڵەی بنەڕەتی من، شیکردنەوەی ڕاو و بۆچوونە ئیلاهیاتی و سیاسییەکانی شێخە. بێ گومان(سەبری ئاتیش /sabri ates) زۆر شارازایانە لایەن گەلێکیتری سەبارەت بە پێگەی شێخ لە مێژووی کورددا ئاراستە کردووە ٥.

زۆرێک لە لێکۆڵەران پێیان وایە ترسی کورد لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئەرمەنی تەنیا هۆکار یان گرینگترین فاکتۆری ڕاپەڕینی شێخ لە ساڵی ١٨٨٠دا بووە٦. یەکێک لەو لێکۆڵەرانە دەیوید مەک داوڵە کە بەبێ ئەوەی بەڵگەنامەیەکی باوەڕپێکراو ئاراستە بکات٧، پرۆژەکەی شێخ بە پلانێکی داڕێژراو لە لایان ئەستەنبوڵەوە نێو دەبات، یانی بە جۆرێ شێخ عوبەیدیللا بە پشتگیری فەرمی نائاشکرا، ڕاسپێرراوە تا بزاڤێکی هاوسەنگ لە گەڵ هەڕەشەی ئەرمنییەکان بنیات بنێت ٨. بە هەمان شێوە، هاکان ئوزوغلو هەوڵ ئەدات ڕاپەڕینی شێخ تەنیا بە دژکردەوەیەکی ئایینی پەیوەندیدار بە ئەستەنبوڵەوە وێنا بکات٩. لەگەڵ ئەوەیش، تەنیا بەڵگەنامەیەک بۆ پشتیوانی ئیدعاکانییان بە کاری دێنن، بریتییە لە دەربڕینێکی گوماناوی شێخ کە پرسیار دەکات: "من بیستوومە ئەرمەنییەکان قەستییان هەیە لە وان دەوڵەتی سەربەخۆیان هەبێت، نەستوورییەکانیش ئاڵای بریتانییایان بەرز کردۆتەوە و خۆیان بە ڕەعییەتی بریتانییا دێننە ئەژمار" ١٠.

بە چەن هۆکار دەبێ بە پارێزێکی زۆرەوە بڕوانینە گوتەگێڕانەوەکەی سەرەوە:

یەکەم: هەروەکوو لە خوارەوە ڕوونی دەکەمەوە، هەستیاری لە گەڵ بۆچوونە ئایینییەکانی شیخ و پەیوەندی کراوەی لە گەڵ ناموسڵمانان دژایەتی هەیە. دووهەم: هەم سەرچاوە و هەم کۆدەقی ئەو ڕستانە دژواز و گوماناوین: کاپیتان (کلایتۆن،clayton ) یەکێک لە بەرپرسانی ئینگلیسی لە ژوئییەی ١٨٨٠دا بە ڕاشکاوی بە سەرۆکەکەی ڕاگەیاندووە کە ئەو شتانەی لە زمانی (توسوون پاشا/Toussoun pasha )ی حاکمی عوسمانییەکان لە کوردوستان بیستووە. لە حاڵێکدا تووسۆن پاشا لە هێرشی دەوڵەت بۆ سەر شێخ ڕۆڵێکی کارای گێڕاوە١١.

لە گەڵ ئەوەیشدا توسۆن بە کلایتۆنی گووتووە کە ئەو دەربڕینە ئیدعاییە گوماناوییەم لە ژێردەسێکی خۆمەوە بیستووە. ئەم دەربڕینە ئیدعاییانە بڕێک لە مێژوونووسانی بەو قەناعەتە گەیاندووە کە بەرچاوگەی شۆڕشی ڕژیمی ئەرمەنستان هۆکاری سەرەکی ڕاپەڕینی شێخ لە دژی عوسمانییەکان بووە ١٢. بەڵام بۆ وێنە ئەگەر لە قەسیدە شێعرییەکانی شێخ بڕوانین، دەتوانین بەو قەناعەتە بگەین کە شێخ لە درێژایی ساڵەکانی ١٨٧٧ – ١٨٧٨ لە کاتی شەڕی نێوان ڕووس و عوسمانی، هیوای بە دەوڵەتی عوسمانی لە دەس داوە ١٣. هەر وەکوو شۆڕشی عەبدولقادر(کوڕی شێخ) دژی ڕژیم لە ساڵی ١٨٧٩ بەڵگەیەکی تر بۆ جەخت لەسەر ئەو شێوە دەرەنجامە ئاراستە دەکات ١٤. هەروەها یادداشتەکانی تۆسۆن پاشا کە لە ڕاپۆرتی بریتانیادا هاتووە، نیشان دەدا کە ڕاپەڕینی شێخ بۆ مەسیحییەکان دۆستانە بووە. پاشا خۆی بە کلایتۆن دەڵێت: " شێخ هەوڵ دەدات لە گەڵ هەر دوو کۆمەڵی نستووری و ئەرمەنییەکان یەکیەتییەک پێک بهێنێت، هەروەکوو بەڵێنی داوە بە سەرۆکی کەنیسەی مەسیحییەکان، پشتیوانی لە مەسیحییەکان بکات"١٥. تەنانەت شێخ داوای لە هەمووان کردووە ئیتر سەرانە بە عوسمانییەکان نەدەن ١٦. لە لایەکی دیکەوە پاشا بە کلایتۆن دەڵێت: "ماوەیەکی کورت لەمەو پێش، شێخ هەوڵیدا کوڕەکەی بە پێشنیاری دانی بڕە پارەیەکی زۆر بە سوڵتان، بنێرێت بۆ ئەستەنبوڵ بەو مەرجەی سوڵتان ئیزنی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری بە شێخ بدات، هەروەها ئەگەر سوڵتان دەسەڵاتی شێخ بە سەر کوردوستاندا بە فەرمی بناسێت و دەستێوەردان لە دەسەڵاتی شێخدا نەکات، بڕە پارەیەکی زیاتری بۆ بنێرێت" ١٧.

لە هەر حاڵدا، وا دەردەکەوێت ئەم دربڕینە گوماناوییانە جگە لە دەنگۆ و بەشێک لە تەقالای عوسمانییەکان بۆ لەیەک بەردانی کۆمەڵگەکان لە دژی یەک و بێبەش‌کردنی شۆڕشی شێخ لە هەر جۆرە ئەگەری پشتگیری ئەورووپییەکان لێی، شتێکی‌تر نییە. کلایتۆن لە کاتی گێڕانەوەدا، ئەم بابەتە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "سەمیح پاشا پێی گوتووە کە بیستوویەتی شێخ بە سەرنج بە باسی سەبارەت بە دروست بوونی دەوڵەتی ئەرمەنییەکان، پلانێکی بۆ لەناو بردنی مەسیحییەکان هەیە" ١٨. کاربەدەستانی عوسمانی بە تایبەت لە پاش هێرشی شێخ بۆ سەر ئێران، هەوڵێکی زۆریاندا ئەو دەنگۆیانە بڵاو بکەنەوە. بە پێی تۆمارکراوەکانی بریتانیا، عوسمانییەکان بۆ ترساندنی مەسیحییەکان بەکرێگیراوانی ڕووسییان بە کرێ گرتبوو، هەر وەها هاوکات بەرپرسەکانی بریتانییایان لە "هاندەرە نهێنییەکانی شێخ" دەترسان و پاڵنەری ڕاپەڕینەکەی شێخییان بە پاڵنەرێکی دژ بە مەسیحی لە ئەژمار دەدا. هەروەکوو کلایتۆن دەگێڕێتەوە:

ڕێگرێکی ڕووسی شەڕانی و چاونەترس و ئارام نەگرتوو بە نێوی چلێنگرۆف (tchilingiroff) هەیە کە لای شێخ خزمەتی دەکرد و لەم دواییانەیشدا لە لایەن کاربەدەستانی تورکەوە دەس بەسەرکرا. ئەو پیاوە وای دەگەیاند کە ئەرمەنییەکان گیانی خۆیان بە قەرزاری ئەو دەزانن، چونکە شێخ ویستویەتی ئەوان سەر ببڕێت،بەڵام ئەم (ئەو پیاوە) شێخی ڕازی کردووە لەو کارە پاشگەز ببێتەوە و لەبەرامبەردا هێرش بکاتە سەر فارسەکان ١٩.

نوسراوەی میسیۆنێرەکان، هەر لە مێژە سەرچاوەیەکی گرینگ بوون بۆ ناسینی ئێمە سەبارەت بە بیروڕای شێخ و جیهانبینی و چالاکییە سیاسییەکانی. ئەم وتارە بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر بۆچوون و پەیوەندییەکانی شێخ لەگەڵ ناموسڵمانان لە بەستێنی ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٨٠ی کوردەکان، دەکۆڵێتەوە لەو سەرچاوانەی تا پێش ئێستا نەدۆزراونەتەوە. یەکەمیان ڕوونووسێکە لە دوو کاتژمێر وتووێژی هێنری ئۆتیس دوایت و شێخ عوبەیدیللا لە ساڵی ١٨٨١دا٢٠. ئەم وتووێژە پەردە لە سەر باوەڕە ئایینیە نائۆرتۆدۆکسییەکانی شێخ و بۆچوونی ئەرێنی شێخ سەبارەت بە مەسیحییەکان و شێوە ڕوانینی ئەرێنی ئەو لەمەڕ فارس و تورکی عوسمانی لادەبات. دەتوانرێ ئەم بۆچوونە نەرێنییەی شێخ لەمەڕ دینداری تورک و فارس لە کۆ شێعرییەکەیدا بە نێوی مەسنەوی ببینرێت کە دواتر لێی دەکۆڵمەوە ٢١. ئەم سەرچاوانە لە گەڵ یەکدا تێڕوانینێکی ڕوون لە مەڕ سێ پرسی سەرەکی دەدەن بە دەستەوە و تیشک دەخەنە سەر ئەو هاندەرانەی لە پشت ڕاپەڕینەکەی شێخەوە بوون.

من هەرکام لەو پرسانە بە شێوەیەکی جیا لەیەک دەهێنمە بەرباس:

یەکەم: بیروڕای شێخ لەمەڕ جیهانداگری ئایینی و بە تایبەت ڕوانگەی ئەو سەبارەت بە مەسیحییەت. دووهەم: بۆچوونی سەبارەت بە فێرکاری زمانی کوردی و سەرزینوویەتی ئەو بابەتە. سێهەم: تێگەیشتنی شێخ لەمەڕ تورکانی عوسمانی و فارسەکان.

**جیهانداگری(یۆنیوێرسالیزم) ئایینی شێخ**

شێخ عوبەیدیللا لە ناوچەی هەکاری لە دایک بووە و ژیانی خۆی لەو ناوچەیەدا کە کۆمەڵێک زۆری مەسیحی لێ بووە، تێپەڕاندووە. بە پێی گوتەی مارتین برونسێنی مێژوونووس "ئەم کۆمەڵگانە لە زۆرێک لایەنەوە لەگەڵ دراوسێ موسڵمانەکانیان

بەرامبەر بوون. ئەو کەسانەی لە کوردوستانی نێوەڕاست دەژیان، شێوەژیانێکی خێڵەکیان بوو کە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە هێزێکی گرینگییان وەک کارگێڕێکی کارا لە سیاسەتی کوردەکاندا پێک دەهێنا" ٢٢. بەو حاڵەوە، من لە جێی ئەوەی بپەرژێمە سەر پرسی گەورەتری مێژووی پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەنی، جەخت دەکەمە سەر تێگەیشتنی شێخ عوبەیدیللا لە هاوسێ مەسیحییەکانی. من لە ژێر تیشکی وتووێژی شێخ لە گەڵ دوایت، زیاتر شۆڕ دەبمەوە بە سەر بۆچوونەکانی شێخدا.

وتووێژی نێوان دوایت و شێخ عوبەیدیللا لە پاش ڕاپەڕینی دووهەمی ساڵی ١٨٨٠ پێک هاتووە. دوایت ڕاپۆرت دەدات کە شێخ تەنانەت کاتی دوورخرانەوەی بۆ ئەستەنبوڵ سەرقاڵی پلانڕێژی بووە بۆ شۆڕشێکی نوێ لە دژی ئیمپراتۆری عوسمانییەکان. ئەو توێژینەوانەی هەن، شتگەلێکی زۆر سەبارەت بە چالاکیە سیاسییەکانی شێخ لە پاش دوورخرانەوە ئاراستە ناکەن، بەڵام لێدوانەکەی دوایت وردەکاری نوێ لەمەڕ ئەم قوناخە لە ژیانی شێخ بە دەستەوە دەدات ٢٣. دوایت ڕاپۆرتەکەی خۆی لەو لێدوانە بە شرۆڤەی هەلومەرجی دیمانە لە گەڵ شێخی دوورخراو بۆ تاراوگە دەس پێ دەکات و دەڵێت:

شێخ سەرەڕای هەمووی ئەوانە، زیندانییەک بوو، بەڵام وەک میوانی سوڵتان بە ڕێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرا. هۆکاری ئەو ڕێزلێنانە ئەوە بوو کە شێخ عوبەیدیللا لە ڕیزبەندی پەیڕەوانی نەقشبەندی، سەرۆک شێخ بوو، لەسەرووی ئەوەیشەوە لە بنەماڵەیەکی ڕەسەن بوو کە ڕەچەڵەکی بۆ شەش سەد ساڵ لەمەوپێش دەگەڕایەوە. شێخ وەک ڕێبەرێکی ئایینی نوێنەرایەتی نزیک بە دوو میلیۆن شوێن کەوتووی گیانبازی لە کوردوستان دەکرد، لە گەڵ ئەوەیش زۆرێک لە پاشاکان لە شاری ئەستەنبووڵ قوتابی ئەو بوون. شێخ بە پێی ئەوەی لە تۆرەمەی بنەماڵەیەکی ڕەسەن بوو، ئیدعا دەکات کە نەوەی خەلیفەی عەبباسییە لە بەغدا ٢٤.

یەکێک لە گرینگترین و سەرنجڕاکێشترین بەشی وتووێژەکەیان، بریتی بوو لە جیاوازی ئایینی و تێڕوانینی شێخ بۆ میسیۆنێرە مەسیحییەکان. بە پێی گێڕانەوەی دوایت، دەرناکەوێت کە شێخ زۆر گرینگی بە ڕواڵەتە (شعائر) ئایینییەکان و ئەو کێشە ئیلاهییاتییانەی لەو دەکەونەوە دابێت. وا دەردەکەوێت ئەم بابەتە لە گەڵ بیروڕای هەبوو لە شێعرەکانی شێخدا یەک بگرێتەوە ٢٥. بە پێچەوانەوە، وا دیارە شێخ، زۆر حەزی لە دەرەنجامی کردەییە بۆ پابەندی مرۆڤ ئایینی و ئەو شێوازانەی کە باوەڕە قەلبییەکان لە هەڵسوکەوتی تاک نە لە گوتەیاندا پیشان دەدات. داکۆکی شێخ وەک عارفێک زیاتر لەسەر دەربڕینە ناوەکییەکانی ئاییندارییە تا فۆڕمە دەرکییەکانی. شێخ لە لێدوانی لە گەڵ دوایت و هەروەها لە شێعرەکانیدا لە چۆنیەتی کاریگەری وەرگرتنی لە شاعیری عارفی فارسیوێژی سەدەی سێزدە مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی دەدوێت و ئیدعا دەکات کە هەموو پرۆژەی بووژێنەرانەی (احیاگری دینی) لە کوردستان، جگە لە ژیاندنەوەی مەسنەوی مەولانا شتێکی دیکە نەبووە.

شێخ پێمان دەڵێت کە مەسنەوییەکەی خۆی تەنیا بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی مەسنەوی مەولانا بۆ کوردەکان هۆندۆتەوە. بە پێی گوتەی شێخ: " مانا چڕ و وردەکانی شێعرەکانی مەولانای ڕۆمی هێشتا بۆ ئاپۆرەی خەڵک نەدۆزراوەتەوە" ٢٦. شێخ لە لێدوانی لەگەڵ دوایت، کاتێ لە ئامانجی کۆتایی ئیسلام و مەسیحییەت دەدوێت، ڕوانگەی مەولانا سەبارەت بە دیاردەی زۆرینەی ئایینی دووپات دەکاتەوە. شێخ ئیدعا دەکات کە ئایینەکان لە بنەڕەتدا یەکن و جیاوازییە ئایینییەکان لە ڕێگەی دەربڕینی شوێنکەوتوانەوە خۆیا دەبێت، بەو پێیە شێخ ئیدعا دەکات:

ئێمەیش واین بە شوێن ئەو شتەی تۆ وای بە شوێنییەوە. چیرۆکێک لە شێعری بەرزی ئایینی مەسنەویدا بەم شێوە هاتووە: چوار پیاو لە ڕێگەدا پارەیەک دەدۆزنەوە،ئەو چوار کەسە بریتی بوون لە فارسێک و تورکێک و کوردێک و عەرەبێک. هەرکام لەمانە بە زمانی خۆیان گوتییان: "بێنۆ ترێ بسێنین و بە یەکەوە بیخۆین، بەڵام هیچ کامییان لێک تێنەگەیشتن و شەڕ کەوتە نێوانییان". زۆریان لێکدا و کەسی پێنجەم هات بۆ لایان و لێی پرسین کێشەتان لە سەر چییە؟" بۆچی هەرا دەکەن، هەمووتان هەر ئەوەتان دەوێ،بەڵام لێک تێناگەن". زۆرێک کێشەی ئێمە سەبارەت بە پرسە ئایینییەکان هەر بەم شێوەیە. ٢٧.

هەر وەکوو لەسەرەوە باسمان کرد، شێخ بە تەواوی لە ژێر کاریگەری کارەکانی مەولانادا بووە ٢٨، وێنەی ئەم کاریگەرییە، هەم لە ئەندێشەی ئیلاهییاتی شێخ و هەم لە باوەڕیدا خۆی نیشان دەدات کە پێی وابوو نرخی دینداری هەرکەس لە ئاکار و بەهرەی دەروونیدایە. لە دیدمانی شێخدا تەنانەت چییەتی کێشەی ئایینی هەڵدەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتنی کارگێڕانی ئایینی لەوەی کە ئایینەکان تەنیا دربڕینێکی جیاوازن لە یەک واقعییەتی بنەڕەتی.

شێخ عوبەیدیللا گوتەکەی مەولانای ڕۆمی دووپات دەکاتەوە کە پێی وابووە جیاوازییە فەرمییەکان لە جێی ئەوەی جیاوازی ڕاستەقینەی ئایینەکان بسەلمێنن، تەنیا بە سروشتی دەربڕینە ئایینییەکان لە لایەن کارگێڕانەوە ئاماژە دەکەن. ئامانجی سەرەکی پێغەمبەران و ئایینەکان، کە مەولانا بانگەشەی بۆ لا دەکات بریتییە لە: "گەشەپێدانی مەعنەوییەتی خەڵک و چارەسەر کردنی ڕۆح و لێورێژ کردنی دڵیان لە خۆشەویستی خودا و یەکترین و پاک کردنەوەیان لە نەخۆشین و ڕق و کینە بووە" ٢٩. بە زۆری ئەو شتەی لە مەولاناوە باس دەکرێت ئەوەیە کە ئەو لە باسی ئیلاهییاتی و کێشەی ئایینی مشتومڕ ساز خۆی پاراستووە. بە گوێرەی چیرۆکێ لە مەولانا،کاتێ یەهوودیێ لێی دەپرسێت: "کام ئایین چاکترە، ئایینی تۆ یان ئایینی من؟ " مەولانا زۆر ئاسایی وڵامی دەداتەوە: "ئایینی تۆ چاکترە" ٣٠. مەولانا پوختەی بۆچوونی خۆی سەبارەت بە یەکێتی ئایینەکان لە چیرۆکی موسا و شوانێدا کە لەودا خودا بە هۆی فۆڕمی سەختگیرانەی ئایینی لە موسا ڕەخنە دەگرێت، کورت دەکاتەوە:

بە هەرکەسێک کەسایەتییەکی تایبەت بە خۆی پێشکەش دەکەم،

ڕێگەیەکیش بۆ دەربڕین و پاڕانەوە

هێندووەکان بە زمانی خۆیان پەسنی خودا دەکەن

خەڵکی سێند لە نوێژەکانیاندا دەستەکانیان بەرز دەکەنەوە ٣١.

وا دەردەکەوێت، شێخ عوبەیدیللا باوەڕی بە یەکێتی بنەڕەتی ئایینەکان بێت و پەزێرانی ناموسڵمانانیش دەکرێ لە کاریگەری مەولاناوە سەرچاوەی گرتبێت. وێنەی ئەم دیدمانە سەبارەت بە هاوشێوەیی دامەزراوەیی ئایینەکان لە پەسنی ناسنوورمەندی شێخ لە کەسایەتی ئەخلاقی میسیۆنێرە مەسیحییەکان خۆی دەردەخات. هەر بۆیە شێخ بەم گوتەیە وتووێژەکەی خۆی دەهەژێنێت:

شێخ ئەو میسیۆنێرانەی لە ورمێ بوون بە ماقووڵترین و نموونەترین کەسایەتی دەزانین، موفتی تورک لە وان پێی دەڵێت کە پرۆتستانەکان پیاوانێکی پاک و ڕەوشت بەرزن کە لە ڕاستیدا بە ڕادەی موسڵمانێکی نموونە بێگەردن. بە ڕاستی بەندەی خودان، ئەگەرچی ناوی موسڵمانییان بەسەرەوە نییە ٣٢.

بێ گومان دوایت پەردە لەسەر لایەنگەلێکی بۆچوونی ئایینی شێخ هەڵدەداتەوە کە لێکۆڵەرانی مێژووی کورد و ئیسلام دەهەژێنێت. وێنەی ئەو بۆچوونە بریتییە لە ڕای شێخ عوبەیدیللا سەبارەت بە هەڵگەڕاوەی(مورتەد) ئایین. موسڵمانان هەر لە سەردەمی ئەبوبەکر یەکەمین خەلیفەی ئیسلام لە ساڵی ٦٣٢دا سزای مەرگی مورتەدییان یاسایی کرد. لە سەرەتاوە پێناسەی ئیرتیداد وەکوو تاوانێکی شیاوی مەرگ، بڕیارێکی سیاسی بوو. ئەم یاسایە لە ڕێگەی شەڕی ئیرتیدادەوە لە پاش کۆچی پێغەمبەری ئیسلام تا ڕادەیەک ڕەوایی بە دەست هێنا ٣٣. بە تێپەڕینی کات، موسڵمانان وەک بنەمایەکی ئایینی چاویان لە یاسای ئیرتیداد دەکرد ٣٤. هەموو قوتابخانە فیقهییە ئیسلامییە هەنووکەییەکان، وەرگەڕان لە ئیسلام بە تاوانێک کە سزاکەی ئێعدامە دەزانن ٣٥. لەم ڕووەوە، فیقە هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام بە تاوانێکی گەورە دەزانێت٣٦. تەنانەت ڕیفۆرمخوازانی موسڵمانی هاوچەرخیش، ڕووبەڕووی ئاڵێنگاری بەردەوام لە هەڵسوکەوت لە گەڵ پرسی ئیرتیداد بوونەتەوە: چونکە ئەوان بەرگری لە سزای گۆڕانی ئایینی تاک دەکەن، ئەو شتەی لە تێگەی نوێیدا لە چوارچێوەی مافی تاکەکەسیدا جێدەگرێت. تاقمێک لە موسڵمانانی مودێرن وەکوو موحەممەد عەبدوە و ڕەشید ڕەزا هەوڵییان داوە تا ڕادەیەک ڕاڤەیەکی نائورتودۆکسی لە سەردەمی پێغەمبەر بدەن بە دەستەوە. لەبەر ئەوە داکۆکییان کرد کە ئیرتیداد تەنیا لە کاتی مەترسیدار بوونییا سزا دەدرێت ٣٧. زۆربەی زانایانی نەریتخوازی سەدەی بیستەم وەک ئەبولئەعلای مەودوودی و غەزالی میسری جۆرێکیتر پاساویان داوەتەوە: " ئیرتیداد تەنیا گۆڕانی باوەڕی ئایینی نییە، بەڵکوو بە کارێکی یاخیگەریانە لە دژی سیستیمی سیاسی - کۆمەڵایەتی دێتە ئەژمار" ٣٨. کەوابوو دانانی سزای شەرعی لە دژی ئازادی باوەڕ نییە.

بە پێچەوانەی باوەڕی باوی موسڵمانان، شێخ عوبەیدیللا گرینگی نەدەدا بە دیارگە دەرکییەکانی ئایینەکان و ئەو دابەشبوونە تایفی و ئایینزایانەی لێی دەکەوێتەوە. بەو پێیە، وا دەردەکەوێت پرسی گۆڕانی ئایین لای شیخ لە پلەی دوهەمدا بووە، تا کاتێ هەڵگەڕاوەکە بێ خەوش بووبێت، بوونەمەسیحی یان موسڵمانی لای شێخ زۆر گرینگ نەبووە٣٩. ڕوونە کە ئەم ڕوانگە سەبارەت بە گۆڕانی ئایین،کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر پەیوەندی شێخ لە گەڵ هاوسێ مەسیحییەکانی داناوە. لە حاڵێکدا ئەوە لە گەڵ هەموو ڕاڤە زاڵەکانی ئیسلامی شیعە و سوننی دژایەتی هەیە. شێخ وەک سوننییەک چاوەڕوان دەکرا لێی باوەڕی بە کوشتنی هەڵگەڕاوە لە ئایین بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە شێخ بۆ هەڵگەڕاوەیەک ( وێنەی کافی بەیگ) وەک سەرچەشنی پارێزکاری ئاماژە دەکات.

زیاد لە پارێزکاری، پیاوی هەڵگەڕاوە لە ئایین (وێنەی کافی بەگ)، بە گرینگی دان بە ڕاهێنان و خۆشبژی کورد، توانیویەتی ڕێزی شێخ بۆ خۆی مسۆگەر بکات، شایەت سەرسپێری هەڵگەڕاوەیەک (وەک کافی بەگ) بە ڕاهێنانی کوردەکان زیاتر لە جیهانداگری ئایینی، لای شێخ بەڕێزی کردبێت.

## شێخ و ڕاهێنانی کورد

شێخ عوبەیدیللا پێی وابوو کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان دەسڕانەگەیشتنی کوردەکان بە ڕاهێنانی گشتی و کێشەکانیاندا هەیە. شێخ کوردەکانی لە ڕووی نەتەوەییەوە بە خەڵکێکی ناوازە و خاوەن ڕەگەزی ڕەسەن دەزانی. لەگەڵ ئەوەیشدا، شێخ ئیدعا دەکات بە چاوپۆشی لە ڕادەی وزەی تاک یان ڕەچەڵەکی ڕەسەن، هەمیشە ڕاهێنانی شیاو بۆ دەستەبەرکردنی ماتەوزەکانی تاک پێویستە٤٠.

شێخ ئاماژە دەکات کە سەرەڕای ئەوەی زێڕی خام، وەک خەڵکی کورد هەر ئەو ماددەیە خشڵی لێچێ دەکرێت، بەڵام ئەو زێڕە پێداویستی بە سیوسیوە دانە تا ڕووناکی و بایەخ پەیا بکات٤١. لە ڕوانگەی شێخەوە "کورد لە زاڵ بوون بەسەر گەورەیی و هونەردا دەگمەنن: ئەگەر کورد ڕاهێنانی شیاوی بێت، کەس ناتوانێ بە ڕادەی کوردەکان لێهاتوو بێت" ٤٢.

کوردەکان نە تەنیا لە ئاستی تاکەکەسیدا، بەڵکوو ئەگەر لە دەوری یەک ئامانجی سیاسی کۆ ببنەوە دەتوانن بە شێوەی کۆمەڵایەتیش بدرەوشێنەوە. کەوابوو شێخ وای بۆ دەچوو کە گەلەکەی لە گەڵ دوو کێشەدا ڕووبەڕوون: دەس ڕانەگەیشتن بە ڕاهێنانی گشتی و نەبوونی یەکێتی سیاسی، وا دەردەکەوێت کە کێشەی یەکەم هۆکاری کێشەی دووهەم بووبێت. بەو حاڵەوە، ئەگەر کوردەکان "لە ژێر دەسەڵاتی ڕێبەرێکدا یەکگرتوو بن، دەبنە خاوەنی دەسەڵاتێکی ناوازە" (بێ وێنە و بێهاوتا)٤٣.

بە ئەرخەیانییەوە، ڕاهێنان و بارهێنان لە سەرترین یەکەمایەتییەکانی شێخ بووە بۆ بەشوێنداچوونی سەربەخۆیی کوردەکان. بە پێی گوتەی دوایت، یەکێ لە نزیکانی شێخ بە نێوی (کافی بەگ، هەڵگەڕاوە لە ئایین) زۆری پێ خۆش بوو بڕێک لە نووسراوەکانی ئێمە بە زمانی کوردی بڵاو بێتەوە، هەتاوەکوو "کارێک بۆ ڕوون کردنەوەی گەلە نەخوێندەوارەکەی بکات" ٤٤. ڕاهێنان و خۆشبژی کوردەکان لە نێوان شێخ و کافی بەگدا بەستێنێکی هاوبەش بوو. کاتێ پرسیار لە شێخ دەکرێت کە گەلەکەی پێداویستییان بە چییە، شێخ لە وەڵامدا ئاماژەی بە دۆخی ڕاهێنانی کوردەکان و پشت نەگرتنیان لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەکات ٤٥. شێخ بە دوایت دەڵێت کە خوێندن و کتێب و قوتابخانە، سەرەکیترین پێداویستی کوردەکانە ٤٦. وا دەرناکەوێت شێخ لە ڕووی بایەخەوە جیاوازی خستبێتە نێوان ڕاهێنانی ئایینی و سکۆلارەوە. شێخ کوردەکان وەک گەلێکی خولیای زانست بە دوایت دەناسێنێت ٤٧.

ئاشکرایە، بۆ شێخ ڕاهێنان و پەروەردە چارەسەری سێحراوی کێشەی کوردەکان بوو. لەوەیش زیاتر، شێخ باوەڕی وا بوو، نەبوونی ڕاهێنانی گشتی لە کوردوستاندا، هۆکاری سەرەکی سڕینەوەی کوردەکان لە ژیانی سیاسی لە هەر دوو بەستێنی عوسمانی و قاجارییەکاندا بووە. شێخ لە نامەیەکدا کە بۆ ئیقبالودەولەی دەسەڵاتداری ورمێ دەینێرێت، دەنووسێت: "ئێمە ددان دەنێین بەوەدا کە لە پەنای کوردی چاکدا، کوردی خراویش هەیە، بەڵام کەس بیر لە ڕاهێنانی کوردەکان ناکاتەوە و کەوابوو بەبێ ڕاهێنان ئەستەمە کوردەکان بتوانن هەڵەکانییان هەڵبگرنەوە" ٤٨. شێخ باوەڕی وابوو کە ڕاهێنان پێهەڵگری ژیانێکی شیاوتر و مرۆڤانەترە و ڕێگەیەکە بۆ دەرباز بوونی کوردەکان لە کێشە هەنووکەییەکان. لە ڕوانگەی شێخەوە، خوێندن بۆ کوردەکان، گرینگایەتییەکی زۆری هەیە؛ چونکە ڕاهێنان دەتوانێت بناخە و بنەمای خۆئاگایی کۆیی کوردەکان و هەروەها مانەوەیان پێکبێنێت: یانی هەم لایەنی ڕزگاری کۆیی لەخۆ دەگرێت و هەم فاکتەرێکی دیاریکەرە لە کارگێڕی تاکەکەسی مرۆڤدا.

هەر لە بابەتی ڕاهێناندا، نەتەوەخوازی کوردی شێخ بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت. شێخ باوەڕی وا بوو کە پانتای نەخوێندەواری کوردەکان هەڕەشەیەکی بوونییە؛ چونکە هەر ئەم نەخوێندەوارییە هۆشیارییانی سەبارەت بە بارستایی سیاسەتی دوورکاری عوسمانییەکان و قاجارییەکان تاریک و لێڵ کردووە. نەخوێندەواری کوردەکان، هەم پەیوەندیی هێژموونییەکی دیاریکراو نیشان دەدات، هەم توانایی دەدا بە دەوڵەتەکان تاوەکوو درێژە بە تاوانزانینی کوردایەتی بدەن. لە دیدمانی شێخدا، نەخوێندەواری کوردەکان بە پەیوەندی سیاسی و کەلتووری سەرکوت و داگیرکاری نێوان کورد و دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان ڕەوایی بەخشیوە. شێخ پێداگر بوو لە سەر ئەوەی کە بەبێ ڕاهێنانی کورد، هیچ ڕێگەیەک بۆ داهاتووی کۆیی کوردەکان، تەنانەت ئەگەر لە برێ هێز و توانایی نەتەوەییش "بۆ پێشکەوتن" بەهرەمەند بن، لە ئارادا نییە. هەر وەها ئیدعای کرد کە "ئێمە مەحکووم بە توانەوەین، ئەگەر لە برێک لە لایەنە (سیاسیە)کانی نزیک بە خۆمان یارمەتی وەرنەگرین" ٤٩.

دەربڕینەکانی سەرەوە، ئاگایی و دڵەڕاوکێی شێخ لە بۆچوونە ڕەگەزپەرستییەکان سەبارەت بە کورد بەو ڕادەیە نیشان دەدات کە بۆچوونە باوەکانی سەردەم لەمەڕ پێشکەوتنی مرۆڤ و پەیوەندی بە ڕەگەزەوە ئاشکرای دەکەن. زۆر جێی سەرنجە کە دەبینین شێخ، ڕاهێنان و پەروەردە وەکوو دیاردەیەکی پەیوەندیداری مێژوویی پەیوەندی دەدا بە جومگەبەندی مەعریفەت و دەسەڵات و ململانێی سیاسی و کەلتووریی نەتەوەوە. دیارە شێخ عوبەیدیللا ئەو کات نەیدەتوانی بیر بکاتەوە لە لایەنی دیالیکتیکی ڕاهێنان و ئەو شێوازانەی دەوڵەتە مودێرنەکان لە ڕاهێنان بۆ درێژەدان بە سەرکوت و زاڵبوون کەڵکییان لێ‌وەردەگرت .٥٠

لە ڕوانگەی شێخدا، ڕاهێنان ئامێرێکە کە دەبێ بۆ بە هێزکردنی خۆت و کۆمەڵگە کەڵکی لێ‌وەربگیرێت. بە بۆچوونی ئەو، ئەمە تەنیا بنەمای کارگێڕی مرۆڤە. بە پێی گوتەی شێخ، ڕاهێنان"پاڵپشتی مرۆڤە، کە ئەگەر لە مرۆڤێکی بسێنیتەوە، ئیتر شتێک نامێنێتەوە تایبەتمەندی خۆی پێوە هەڵواسێت٥١. لەم ڕووەوە، بە باوەڕی شێخ ڕاهێنان وەک بنەمای پرۆژەیەکی سیاسی، دەتوانێت تاکایەتی تاکی و کۆیی کوردەکان بگەڕێنێتەوە. بە گوێرەی پەسندداني شێخ، ڕاهێنان ئیمکانی ژیانێکی مرۆڤانە و لە هەموو گرینگتر ژیانێکی خاڵی لە دەسەڵاتی تورک و فارس بۆ کورد مسۆگەر دەکات. شێخ ڕاهێنانی هەم بە مەرجی پێویست بۆ بەدیهێنانی گەلێکی یەکگرتوو هەم بە تەنیا ئامێری بەربەرەکانێ لە گەڵ دەسەڵاتی بێگانە و بێسەرەوبەرەیی ناوخۆی دەهێنایە ئەژمار. بەم هۆیە، شێخ باوەڕی وابوو عوسمانییەکان و فارسەکان بۆ دەسڕانەگەیشتنی کوردەکان بە خوێندن و پێشکەوتن هەموو کارێ دەکەن: "تورکەکان لە لایەکەوە سوورن کە نابێ قوتابخانەکان بکرێنەوە و دەبێ هەر کەسێکی کاریگەر کە هەوڵ دەدات خەڵک بە ئاواتەکانییان بگەن، بەند بکرێن یان بکوژرێن. لەولایشەوە فارسەکان ( زەوی و زاری شێخ لە هەر دوو تەرەفی سنوورەوەیە) بەکەڵک وەرگرتن لە هێز دەیانەوێت خەڵک لە ئیمان پاشگەز بکەنەوە و لە هەموو لایەکیشەوە تاڵان و ڕەشەکوژی دەکەن" ٥٢.

شێخ هیچ هیوایەکی بە ئیمکانی بنبڕکردنی نەخوێندەواری گشتی کوردەکان لە ژێر هەر دوو دەسەڵاتی تورک و فارس‌دا نەبوو. نە تەنیا ڕاهێنانی کوردەکان، بەڵکوو شێخ ئیدعای دەکرد کە فارسەکان هەڵسوڕاوانە خەریکن ناوچە کوردنشینەکان لە دانیشتوو خاڵی دەکەنەوە و خەڵکانیتر لەوێ نیشتەجێ دەکەن. ئەگەر گوتەکانی شێخ پیشاندەری باوەڕەکانی بێت، دەبوایە

شێخ سیاسەتی دەوڵەتی فارسی لە کوردستان بە ژینۆساید بزانیبایێت. لەبەر ئەوە، شێخ پاساوێکی نائاسایی بۆ ڕاپەڕینەکەی خۆی لە ساڵی ١٨٨٠ ئاراستە کرد: "هێرش کردنی دوو ساڵ لەمەوپێش بۆ سەر ورمێ تەنیا هەوڵێک بوو بۆ لەناوبردنی کارگێڕانی ئەو پەلامارە لە وزەنەهاتووانەی فارسەکان. ئەوان تەنانەت مناڵەکانی ئێمەیان دەبرد و لە مەنجەڵی پڕ لە ڕۆنی کوڵاویان دەخستن" ٥٣. تورکانی عوسمانیشی لەوان بە چاتر نەدەدی. هەروەکوو دوایت ئاماژەی پێ دەکات، شێخ ڕاشکاوانە "تووڕەیی خۆی لە دەسەڵاتی تورک دردەبڕی و پێی وابوو لەناوچوون وا لە ئینتیزاری ئیمپراتووری عوسمانی و ئەوانەیش وا متمانەیان پێیەتی. گوتیشی کە کورد هەر لە ناوچەکەی خۆیاندا لە لایەن دوژمنانیانەوە لە گەمارۆدان " ٥٤.

**نەتەوەخوازی و جیهانداگری(یۆنیوێرسالیزم) ئایینی شێخ**

ئاشکرایە کە سینگفراوانی ئایینی شێخ، تورک و فارسە موسڵمانەکان یا ڕابەرەکانیانی نەگرتۆتەوە. وا دەردەکەوێت شێخ هیچ جیاوازییەکی لە نێوان دەسەڵاتی فارس و تورکی عوسمانی لەو دوو وڵاتەدا دانەنابێت. ڕەنگە ڕوانگەکانی شێخ لە ژێر کاریگەری ئەم ڕاستییەدا بێت کە ئەزموونی شێخ لەگەڵ ئەم کۆمەڵگانەدا کورت بوبێتەوە لە سەر دیمانەی ئەو لە گەڵ بەرپرسانی ئەو دوو وڵاتەدا.  زیاد لەوە، ڕوانگەکانی شێخ عوبەیدیللا لە ژێر کاریگەری سەرهەڵدانی نەتەوەخوازی و سیاسەتی زاڵی نەتەوەیی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بووە ٥٥.  شێخ لە لێدوانی لە گەڵ دوایت، فارس و تورکەکان بە "نەبوونی دینداری واقعی و دڵی" تۆمەتبار دەکات ٥٦. بەو پێیە، شێخ لە مەسنەوییەکەی خۆیدا ئیدعا دەکات بە پێچەوانەی کوردەکان، تورکانی عوسمانی تەنیا بە نێو موسڵمانن و لە هەر هەستێکی ئایینی بێ بەشن ٥٧.

شێخ لە لێدوانی خۆی لە گەڵ دوایت،دەگەڕێتەوە بۆ سەر پرسی دینداری و ئاماژە دەکات کە میسیۆنێرەکان لە ئایینداری کوردەکان نائاگا بوون: "تۆ کوردەکان بە خراو دەزانیت؛ چونکە تەنیا ئیسلامی تورکەکان دەبینیت. ئەمە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە ئیسلامەتییەوە نییە. لە نێو کوردی دینداردا پیاوی خراو و خەیانەت کار و درۆزن نییە" ٥٨. شێخ هەوڵ دەدات دوایت پێمل کات کە ئیسلامی کوردی لە گەڵ ئیسلامی دیتەران جیاوازە. گۆیا کوردەکان خاوەنی ئیسلامی ڕەسەنن و ئەم بابەتە لە ژیانی سەراپا گەورەیی و سەرتری ئەخلاقییاندا ئاشکرایە. شێخ، ئیسلامی کوردی دیندار لە گەڵ مەسیحییەتی ڕاستەقینە کە پێی وایە میسیۆنێرەکان دیارگەی ئەوەن، بەراوەرد دەکات. شێخ درێژەی بە باسەکەیدا و بە بزەیەک ڕۆشنایی کەوتە دەموچاوی و گوتی "ئێمەیش هەوڵ ئەدەین بۆ ئەو شتەی کە تۆ لێی دەگەڕێیت" ٥٩.

شێخ لە مەسنەوییەکەی خۆیدا ڕوانگەیەکی نەتەوەیی لە ئایین ئاراستە دەکات؛ دیاردەیەک کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە لە نێو کۆمەڵگە جیاوازە ئیسلامییەکاندا بایەخێ زیاتری بە دەست هێنا ٦٠. لە حاڵێکدا، شێخ دینداری تورکانی عوسمانی بە ناواقیعی و ڕواڵەتی و ناڕاستییانە وێنا دەکات و لە هەمان کاتدا دینداری کورد بە واقیعی و زیندو و خاوێنکەری دڵ لە ژیانی کوردەکاندا نیشان دەدات ٦١. شێخ پێی وایە، تەنیا ئازایەتی و پارێزکاری عەرەبەکان دەتوانرێ لە گەڵ ئازایەتی کوردەکان بەراوەرد بکرێت؛ چونکە بە پێی گوتەی ئەو، نیانی هاوبەشیان هەیە ٦٢. لەم کۆدەقەدا ئەمانەی خوارەوە دەبیندرێت:

کاف لە وشەی کوردا هێمای کەماڵە.

ڕێ نیشانەی ڕوشد و مەعنەوییەتە.

دال نوێنگەی دینداریيە٦٣.

کۆی هەمووی ئەم فەزیلەتانە، تەنیا لە کورددا دەبیندرێت ٦٤.

شێخ ئیدعا دەکات کە تورکانی عوسمانی هەموو دوڕوون و لە ئیمانی ڕاستی بێبەرین؛ لە حاڵێکدا خۆیان بە موسڵمان نیشان دەدەن. ئەو لە مەسنەوییەکەی خۆیدا فەرموودەیەک دەداتە پاڵ پێغەمبەر و دەڵێت ئیسلامی عوسمانی نیشاندەری ئەم فەرموودەیە. "بە پێی ئەو حەدیسە پێغەمبەر دەفەرمێت: سێ پێوەر هەن کە دەتوانرێ لەو ڕێگەوە دووڕوو دەس نیشان بکرێت: نیشانەی دووڕوو سێ شتە: کاتێ قسە درۆ بکات، بەڵێنێ بات و بیشکێنێت،غەیانەت بە ئەمانەت بکات" ٦٦.

دیدمانی شێخ لەمەڕ دیتەران لە چەند فاکتۆرەوە سەرچاوەی گرتووە: دۆخی ناجێگیر لە ناوچە کوردییەکان، سەرهەڵدانی نەتەوەخوازی و هەڵسوکەوتی ناوەند لە گەڵ پەڕاوێز. دۆخی دوای شەڕ ( شەڕی ڕووس و عوسمانی)، کوردستانی کردبووە گۆڕپانی نائومێدی تەواو. کاپیتان کلایتۆن لە ڕاپۆرتی دیداری خۆی بۆ بەرپرسی باڵای بریتانی لە ساڵی ١٨٨٠ بە ڕوونی باسی واقعییەتی ئەو ناوچە دەکات. لە گەڵ درێژی بابەتەکە، وەسفینی، شایانی سەرنجێکی زۆرە، ئاوا دەنووسێت:

لە سەردانم بۆ چەند گوند، تەنیا سێ یان چوار بنەماڵەی دەوڵەمەندم دی نانیان بوو بیخۆن؛ ئەوانیتر مەڕ و ماڵاتی خۆیان سەر دەبڕی و خوێیان دەکرد و بەبێ سیستەمێکی خواردەمەنی گیایی بەو گۆشتە دەژیان و ئاسەواری نەخۆشی وەک دەرەنجامی ئەوە خۆی نیشان داوە. لە شوێنگەلێتر گوندنشینان دەچن بۆ کێو و برێک ڕەگ و ڕیشاڵ کۆ دەکەنەوە و لە دەستاڕی دەدەن و دەیکەن بە نان. ئەو ڕەگ و ڕیشاڵانە تا ڕادەیەک گەورەن و لە دار و شیرە دەچن و تامێکی زۆر تاڵیان هەیە. دەگوترێت گیای ئەو ڕیشە، گەڵاکانی پانن و بەڵام من نەمتوانی دیاری کەم ئەو پێناسە سەر بە چ جۆرە گیایەکە. چەن جار ڕاپۆرتم پێدرا کە چەن کەس بە شوێن ئەو گیایانەوە ڕەقییان هەڵاتووە. لە زۆر گوند منالان بە هۆی پێداویستی بە خواردەمەنییەکی سالم گیانیان لە دەست داوە. چاکترین نانێ کە من لەو گوندانە دیومە، یەک لە سێی لەو گیایانە پێک دێ و دوو لە سێیشی لە جۆ (ئەم جۆرە نانەیش تەنیا دەوڵەمەندەکان دەتوانن دروستی بکەن) ئامادە دەکرێت، لە حاڵێکدا خراوترینەکەی لە تێکەڵی ڕەگ و ڕیشاڵ لە گەڵ تۆوی کەتان و هەرزن و ئاردیتر دروست دەبێت. دەوترێت ئەم جۆرە نانە کاریگەری هۆشبەری هەیە و ئەوکەسانەی دەیخۆن بە زۆری بێهۆشییان دەکات ٦٧.

شێخ عوبەیدیللا لە مەسنەوییەکەی خۆیدا، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا،شینی ئەو دۆخەی هاوچەرخی کوردستانی گێڕاوە.

ئەو لە دەیەکانی ڕابردووی کوردستان وەک چرای زانست و مەعنەوییەت دەدوێت، بەڵام ئێستا بێیاسایی و نەزانی جێگزینی هەموو ئەو شتانە بووە ٦٨. زیاد لەو بێسەرەوبەرەییە، بە هۆی ئەو وێرانییەی لە نیوەی سەدەی نوزدە ڕووی لە دەسەڵاتی کورد کرد، شێخ باوەڕی وا بوو کە کوردستان سەرزینوویی خۆی لەدەس داوە. ئەو ئیدعا دەکات ئەم بارووددۆخە

وای کرد "خەڵک لە نێو شیوی نەزانیدا بخولێنەوە" ٦٩. شێخ بەڵگە دێنێتەوە کە تورک و فارسەکان لە نەزانی کوردەکان و نەبوونی یاسا بە قازانجی خۆیان کەڵک وەردەگرن. شێخ ئەوان تۆمەتبار دەکات کە بە هۆی دۆخی هەبوو بە بوونی ستەمکارانەی خۆیان درێژە و رەوایی دەدەن ٧٠. بەم هۆکارە، شێخ سەرەڕای شکەستی لە ساڵی ١٨٨٠ لە ڕاپەڕینێ‌تر لە دژی ئەو دەوڵەتانە دەستی هەڵنەگرت.

هەروەکوو لە سەرەوە روون کراوە، تا ئەو جێگەی من دەزانم لێدوانەکەی دوایت، تەنیا سەرچاوەی دەستەیەکەمی هەبووە کە بە روونی ئامانجی شێخ لە سێیەمین ڕاپەڕینی خۆی نیشان دەدات. گرینگتر لە گشتی، ئەم جارەیان لە جێی قاجارەکان، عوسمانییەکان بوونە ئامانج. دوایت بە زانینی ئەوەی شێخ "لە بیری شۆڕشی گشتی کوردەکاندا بوو" ئاگامان دەکاتەوە: "هەوڵمدا شێخ لە توند و تیژی پاشگەز کەمەوە و وەبیرم هێناوە کە دەرەنجامەکەی دەبێتە هۆی نابووتی هەموو ئومێدەکانی. چونکە ڕاپەڕینی کوردەکان، دەبێتە بەڵگەیەک و ئینگلیس بەو قەناعەتە دەگەیێنێت کە کورد وەک پێشێلکەری یاسا بێنێتە ئەژمار ٧١. لێرەدا دوایت نە تەنیا پەرۆشی خۆی سەبارەت بە هێرشی شیمانەیی شۆڕشێکی نوێ دەخاتە روو، بەڵکوو بۆچوونی ئینگلیس سەبارەت بە کوردەکان کە وا دەردەکەوێت لە گەڵ دیدمانی دەوڵەتی قاجاڕ و عوسمانی یەک دەگرنەوە، ئاشکرا دەکات.

بەم حاڵەوە، ڕاپۆرتەکەی دوایت ناڕاستی ئیدعای برێک لە مێژوو نووسان سەبارەت بە هاوکاری شێخ لە گەڵ عوسمانییەکان لە دژی مەسیحییەکان دەسەلمێنێت ٧٢. هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لێکۆڵەرانێ وەک مەک داوڵ و ئۆزغلۆ ئیدعا دەکەن کە ڕاپەڕینی شێخ لە ساڵی ١٨٨٠ سرشتێکی دژ بە مەسیحی بووە. مەک داوڵ درێژە دەدا کە ڕاپەڕینی شێخ "شتێک نەبووە جگە لەو پلانەی کە لە ئەستەنبووڵ دارێژرا بوو" ٧٣. بەڵام ئەو دوو لێکۆڵەرە، هیچ بەڵگەیەکییان بۆ سەلماندنی ئیدعاکەیان ئاراستە ناکەن. بە پێچەوانەوە، دوایت شایەتی دەدات ٧٤ کە "شێخ بە ڕاشکاوی رق و تووڕەیی خۆی سەبارەت بە دەسەڵاتی عوسمانی ئاشکرا دەکات و باوەڕی وابووە کە تەنیا نابووتی چاوەڕێی ئیمپراتووری عوسمانی و ئەو کەسەی متمانەی پێیەتی دەکات" ٧٥. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە لە ساڵی ١٨٨٢ کوڕی شێخ عوبەیدیللا، عەبدولقادر کە هەم ڕێبەری شۆڕشی ساڵی ١٨٧٩ و هەم فەرماندەی شۆڕشی ساڵی ١٨٨٠ بووە، بە خەباتی چەکداری خۆی دژی عوسمانییەکان درێژەی‌دا. هەروەها بەڵگەنامەی دەوڵەتی عوسمانی جەخت دەکاتەوە کە لە ساڵی ١٨٨٢دا "شێخ عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبەیدیللا لە هێرشی بۆ سەر سوپای ئیمپراتووری عوسمانی، دە سەربازی کوشتووە و دوانزە نەفەری بریندار کردووە و سی سەرباز کە فەرماندەکەیشیان لە نێویانا بووە قۆلبەست کردووە" ٧٦.

یەکێک‌تر لە لایەنە روونەکانی ڕاپۆرتەکەی دوایت، ئەوەیە کە شکانی شێخ عوبەیدیللا لە بەرامبەری قاجارەکانا، ئەوی لە پشتیوانی ئەورووپییەکان لە کوردەکان بێ هیوا کرد. لە گەڵ ئەوەیش، نائومێدی شێخ لە ئەگەری پشتگیری ئەورووپییەکان، ئاگری بەربەرەکانێی لە رۆحی بزێویدا نەکوژانەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، پێی وابوو ئەورووپییەکان بە زۆری رێگرن لە بەردەم ئارمانی نەتەوەیی کوردەکاندا. شێخ لە وڵامی هەوڵی دوایت بۆ پێمل کردنی شێخ بە پێویستی خۆراگری، بە زیزییەوە گوتی: "هەڵوێستی ئەورووپا ئەوەیە کە نە یارمەتیمان دەدات و نە دێڵێ خۆیشمان یارمەتی خۆمان بدەین" ٧٧. لە گەڵ ئەوە، میسیۆنێرەکان (وێنەی دوایت) وا بە قەناعەت گەیشتبوون کە ئینگلیس بە پەرۆشی خۆشبژی خەڵکی ناوچە و لە سەروی

هەمووانەوە ئەرمەنییەکانن. ئەو پێی وابوو، پشتیوانی ئینگلیس لە ئەرمەنییەکان لەسەر دۆخی کوردەکان کاریگەری ئەرێنی دەبێت. ئاشکرایە ئەو لە ڕازی کردنی شیخ بەم گوتەیە لە گەڵ دژواری ڕووبەڕوو بۆتەوە: "زۆر سەختە قەناعەت بە شێخ بکات کە ئینگلیس سوورە دەوڵەتێک بۆ ئەرمەنییەکان دەستەبەر کات و دەرەنجامی ئەوەیش دەوڵەتێکی باشی بۆ گەلەکەی ئەم لێدەکەوێتەوە؛ بەڵام ئەم کارە کاتی دەوێت" ٧٨. ئەگەرچی ڕووداوەکانی دواتر، هەڵەی بۆچوونی دوایتی سەلماند، چونکە ئینگلیس نەیدەویست دەوڵەتێک بۆ ئەرمەنییەکان دابین بکات.

## دەرەنجام

ئامانجی من لەم وتارەدا، ئەوە بوو کە برێک لایەنی نەناسراوی بۆچوونە ئایینی و سیاسییەکانی شێخ عوبەیدیللای نەهری ڕوون بکەمەوە. هەوڵمدا لە ڕێگەی نموونەی شێخەوە، بەشێک لە تایبەتمەندی ئەندێشەی ئیسلامی کە بەرزبوونەوەی نەتەوەخوازی ئیسلامی دەسەلمێنێت، بخەمە بەرچاو. ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیللا ئەگەرچی لە پەراوێزی ئیمپراتووریدا بوو، بەڵام بەو حاڵەوە نابێ ڕاپەڕینی شێخ بە ڕوداوێکی پەراوێزی بزانرێت. ڕاپەڕینی شێخ و بۆچوونەکانی، دۆخی ئاڵۆزی پەیوەندی نەتەوەخوازی کوردی لە گەڵ ئیسلام و چییەتی جۆراوجۆری تەریقەتی نەقشبەندی کوردی ڕوون دەکاتەوە و لە سەر ڕۆڵی شێخ لە پەرەسەندنی ئاگایی نەتەوەیی کوردی دەلالەت دەکات. ئەو شتەی زۆر گرینگە ئەو ڕاستییەیە کە ئەم شێخە نەقشبەندییە نەریتییە، هەڵگری ڕوانگەی ئایینی ئیسلامی نائاسایی بووە. شێخ سەرەڕای کەم تەمەنی، شوێنکەوتووی زۆری هەبوو، کەچی بەو حاڵەیشەوە، زانیارییەکی زۆر سەبارەت بە باوەڕە نائاساییەکانی لەبەر دەستا نییە کە تا چ ڕادەیەک لە نێو شوێنکەوتووانی ناسراو بوون و بایەخییان بە دەس هێناوە یان بایەخییان پێدراوە. سەرەڕای نواندنی تەواوی بۆچوونە ڕەگەزی و نەتەوایەتییەکانی شێخ، بەڵام ئاسەوارە شێعرییەکانی، بۆچوونە ئایینییە نائورتوودۆکسییەکانی ئەوی لەخۆ نەگرتووە. ئەو ئەگەرەیش هەیە کە لەو کاتەدا – بە پێی بەڵگەکانی دەوڵەتی عوسمانی – ڕوانگەکانی شێخ بۆ زۆربەی جەماوەر ناسراو نەبوبێتن. لەو ڕووەوە، تاقمێک لە زانایانی ئایینی کورد دژایەتییان لە گەڵ شێخ کردووە و بە کوفر تۆمەتبارییان کردووە. ئەم شتەیش بە تایبەت کاتێ ڕوویداوە کە هێزی عوسمانی ئەویان لە ساڵی ١٨٨٢ بۆ موسڵ گواستۆتەوە ٧٩. لە گەڵ ئەوەیش لە زۆر لایەنەوە، ئاسەوارە شێعرییەکانی، ئەو گێڕانەوە دەسەلمێنێت کە لە لایەن میسیۆنێرە ڕۆژاواییەکان ئاراستە کراوە. ئەم دوو دانە لە گەڵ یەکدا زۆر شت لەمەڕ باوەڕە ئایینی- سیاسییە نەناسراوەکانی شێخ و کەسایەتی کاریزمایی ئەو ئاشکرا دەکەن.

هەروەکوو ڕوون کراوە، کاریگەری مەولانا لە سەر ئەندێشەی ئایینی شێخ جێگەی مشتومڕ نییە. لە گەڵ ئەوەیش، هۆکارگەلێ دیاری کراو هەن کە ئەو دوو کەسە بە شێوازێکی ئاشکرا لێک جیا دەکاتەوە. سەرەڕای خاڵی هاوبەشی گرینگی نێوانییان، بۆچوون و هۆنراوەی ئایینی هەر یەک لەو دوو کەسایەتییە خاوەنی تایبەتمەندی ڕۆحی سەردەمی خۆیانە. سەرەڕای ئاماژەی مەولانا بە جوانی زمانی زگماکی و بەراوەردی لە گەڵ زمانی عەرەبی، بە پێچەوانەی شێخ عوبەیدیللا، باوەڕی ئایینی بە نەتەوە و ڕەگەزەوە نابەستێتەوە. لە بەرامبەردا، بۆچوونە جیهانداگرییەکانی شێخ عوبەیدیللا لە ژێر کاریگەری سیاسەتە نەتەوەخوازییەکانیدا بووە. لە ڕوانگەی شێخ عوبەیدیللاوە، سرشتی کەسایەتی ڕەگەزی لەسەر ناوەڕۆک و بێگەردی دینداری مرۆڤ کاریگەری دادەنێت. بەو هۆیە، شێخ بەڵگە دێنێتەوە کە دینداری کورد بە تەواوی وەک ڕەگەزەکەیان لە گەڵ دینداری

تورک و فارس جیاوازە. ئەو پێی وابووە، کوردەکان "ڕاستترین و بێ گەردترین ئاییینیان" هەڵبژاردووە (پاکئایین). بەم هۆیە،ئالێنگاری میسیۆنێری ئەمریکی دەکات کە بە پێی خوێندنەوەی ئایینی تورک و فارس بڕیار لە سەر ئیسلامی کورد نەدات. بە ئەزموون و کردەوە ئاییینیەکانی کوردەوە "ئیسلامی واقیعی" نیشان دەدرێت؛ چونکە ئەوان تەنیا "خەڵکێکن کە پاکترین ئاییینیان هەیە".

هەر وەکوو ئاماژەی پێدرا،ڕاپەڕینی شێخ سەرچەشنێکی گرینگە لە ئاوێتەبوونی ئیسلام لە گەڵ ئارمانە نەتەوەخوازییەکاندا. دیاردەیەک کە دەچوو لە سەدەی داهاتوودا لە نێو موسڵمانانادا پەرە بسێنێت. پرۆژەی ئایینی – سیاسی شێخ عوبەیدللا، نموونەیەکی سەرنجڕاکێش بوو لەوەی کە چۆن بزاڤی ژیاندنەوەی ئیسلامی دەتوانێ شان بە شانی نەتەوەخوازی بەرەو پێش بڕوات. حەقیقەتێکی ئاوا، هەموو ئەو پروپاگەندانە ڕەت دەکاتەوە کە شۆڕشی شێخی تەنیا بە ڕێککەوتنێکی عوسمانی کوردی لە دژی مەسیحییەکان لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتوری دادەنا. لە ڕاستیدا، بۆچوون و کردەکانی شێخ لە گەڵ ئەم لێکۆڵینەوە گوماناوییانەدا دژایەتی هەیە.

**سەرچاوە:**

١ - بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕێڕەوی نەقشبەندی، بڕوانە بۆ. دینا لیگاڵ. کەلتوری تەسەووف: نەقشبەندی لە جیهانی عوسمانیدا، ١٤٥٠-١٧٠٠. (نیۆیۆرک: چاپەمەنی زانکۆی هەرێمی نیۆیۆرک، ٢٠٠٤)؛ شەریف ماردین، ئایین و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لە تورکیای مودێرندا: بۆ نموونە: بەدیع زەمان سەعید نورسی. (نیۆیۆرك: چاپەمەنی زانکۆی هەرێمی نیۆیۆرک، ١٩٨٩)؛ جینین کاستور تاممسۆن. باخی ڕۆز: ژیاننامەی سەردەمی مودێرنی سۆفی نەقشبەندی. (وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان: Xlibris US، ٢٠١٤). ئێم جابوریو و دیتەران، ڕێڕەوی نەقشبەندی: پانێل. (فەرەنسا: چاپەمەنی ئێزیس)، ١٩٩٠.

٢ - بڕوانە وتاری زۆر وردی سەبری ئاتیش: بە نێوی خەلیفە و ئۆمەت: ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیللا ١٨٨٠-١٨٨١”. لێکۆڵینەوە ئێرانییەکان، بەرگی ٤٧، ژوماره(٥) ٢٠١٤: ص ٧٣٥-٧٩٨.

٣- ABCFM, Western Turkey Mission, ABC ١٦,٩,٣, v. ١٢.,١٨٨٠-١٨٩٠. v. ٤. C-E, No. ٣٠٠.

ئەمن خۆم بەوپەڕی قەرزاری دۆستم ئەوین میللێر دەزانم کە ئەم بەڵگە تایبەتە و زۆرێ بەڵگەی دیکەی خستۆتە بەردەستم.

٤ - بۆ وێنە بڕوانە بۆ: ماکدویل، دەیفید (٢٠٠٤) مێژووی مودێرنی کوردەکان. لەندەن: I.B. توریس؛ ئوزغلو، هاکان ” ئایا نەتەوەخوازی کوردی ناوەندێتی هەیە؟” لە دژوازییە هاوژینییەکان: نەتەوەخوازی ڕکابەر لە تورکیا، نووسینی: عایشە کادیوغلو و ئەمین فوات کیمان. سولت لیك سیتی: چاپەمەنی زانکۆی یوتا، ٢٠١: ٢٠٣.

٥ - سەبری. "بە نێوی خەلیفە و ئوممەت: شۆڕشی شێخ عوبەیدیللا ١٨٨٠-١٨٨١".

٦ - ماکدویل، دەیفید (٢٠٠٤) مێژووی مودێرنی کوردەکان. لەندەن: I.B. توریس؛ ئۆزغلۆ، هاکان "ئایا نەتەوەخوازی کوردی ناوەندێتی هەیە؟" لە دژوازییە هاوژینییەکان: نەتەوەخوازی ڕکابەر لە تورکیا، نووسینی عایشە کادیوغلو و ئەمین فوات کیمان. سولت لیك سيتي: چاپەمەنی زانکۆی یوتا، ٢٠١: ٢٠٣؛ دووبارە، ڕوبێرت دەبلیۆ ئولسون، سەرهەڵدانی نەتەوەخوازی کوردی و سەربزێوی شێخ سەعید، ١٨٨٠-١٩٢٥، چاپی یەکەم. (ئوستین: چاپەمەنی زانکۆی تێکزاس، ١٩٨٩).

٧ - ماکدویل، مێژووی نوێی کوردەکان، ص ٥٨.

٨ - سەرچاوەی پێشوو.

٩ - هاکان، ئایا نەتەوەی کورد ناوەندێتی هەیە ؟ ص٢٠٣- ٢١٥

١٠- FO ١٩٥/١٣١٥/No. ٢٣. Clayton to Trotter. Political [Confidential]. Bashkala: July ١١, ١٨٨٠.

١١- Ibid. Clayton to Trotter. Political (Confidential). Kochhannes: ٢nd August ١٨٨٠.

١٢ - ماکدویل، مێژووی نوێی کوردەکان ؛ هاکان، ئایا نەتەوەی کورد ناوەندێتی هەیە ؟

١٣ - شێخ عوبەیدیللای نەهری، تحفة الأحباب: مەسنەوی شێخ عوبەیدیللای نەهرییە،پێداچوونەوە سەیید ئیسلام دۆگ. ورمێ: حوسەینی، ٢٠٠٠.

١٤ - بڕوانە سبیر، روبرت ئی. الحكيم صاحب، الطبيب الأجنبي: ژیاننامەی جوزیف بلومب کوکران، ئیم، دی، لە شارە فارسەکان. نیۆیۆرك: ریفیل، ١٩١١: ص ٧٥.

١٥- FO ١٩٥/١٣١٥/No. ٢٣. Clayton to Trotter. Political [Confidential]. Kochhannes: ٢nd August ١٨٨٠.

١٦- Ibid.

١٧ - Ibid.

١٨ - Ibid, No. ٤٦; Clayton; Van ٢٧th November ١٨٨٠.

١٩- Ibid.

٢٠- ABCFM, Western Turkey Mission, ABC ١٦,٩,٣, v. ١٢.,١٨٨٠-١٨٩٠. v. ٤. C-E, No. ٣٠.

٢١ - بڕوانە، نەهری: تحفة الأحباب

٢٢ - مارتێن فان بروینیسین، "کورد و ئیسلام" وتاری کار، ژومارە. ١٣، پرۆژەی خوێندنەوەی ناوچە ئیسلامییەکان، توکیۆ، ژاپۆن، ١٩٩٩. دەست پێڕادەگات، ١٩ ئاگوست / ئاب ٢٠١٧.

http://www.ozelburoistihbarat.com/Content/images/archieve/kurt-sorunu-dosyasi-the-kurds-and-islam-ingilizce-٩dce٦c٠٥-٢٧٣١-٤a٠e-٩١٢٦-٢٣٣dd٠٩٨e٢٩٥.pdf.

\٢٣- See, ABCFM, Western Turkey Mission, ABC ١٦,٩,٣, v. ١٢.,١٨٨٠-١٨٩٠. v. ٤. C-E, No. ٣٠٠.

*ئەمە دەستەواژەیەکی لاتینە و بە مانا " هەروەهایە" . ئەم دەستەواژە بە کار دەبرێ بۆ نیشاندانی ئەوەی کە شتێک بە هەڵە نوسراوە و بە ئەنقەست پشت‌گوێ دەخرێت هەروەکوو لە ماکەکەیشیا هەروای لێکراوە. بە پێی باو Sic شەفتوورە و هەمیشە دەخرێتە نێو کەوانەوە، تاوەکوو پیشان بدات کە بەشێک لە ماکەکە نەبووە. [وەرگێڕ]

٢٤ - Ibid.

٢٥ - بڕوانە، نەهري: تحفة الأحباب: ١٢٩.

٢٦ - بڕوانە، نەهري: تحفة الأحباب: ١٣٣.

٢٧- ABCFM, Western Turkey Mission, ABC ١٦,٩,٣, v. ١٢.,١٨٨٠-١٨٩٠. V. ٤. C-E, No. ٣٠٠.

٢٨ گرینگترین ئاسەواری مەولانا بریتین لە: مەسنەوی مەعنەوی و دیوانی شەمسی تەبرێزی. بۆ بینینی هەموو ئاسەواری فارسی مەولانا لە ئینتێرنێتا، بڕوانن بۆ سایتی Ganjoor. لەبەردەستا بووە لە ٧ ئابی/ئاگوستی ٢٠١٧:
/https://ganjoor.net/moulavi

٢٩ - عەبدولکەریم سرووش "نامیلکەی ئیسلامی سەبارەت بە حەوانەوە" لە کیلي جیمس کلارك. مناڵەکانی ئیبراهیم: ئازادی و حەوانەوە لە سەردەمی ململانێی ئایینی. بەهەشتی نوێ: چاپەمەنی زانکۆی ییل، ٢٠١٢: ٢٦٥.

٣٠ شەمسوددین ئەحمد ئەفلاقی. مناقب العارفین، بەرگی. ٢ – تاران : دنیا کتاب، ١٩٩٦: ٤٨٤.

٣١ - هەروەک دەیبینین،لەم قەسیدەدا ئاگایی ئایینی و دۆخی دەروونی بە بابەتێکی سەرەکی بۆ دینداری لە جێگەی بیچمی دەربڕینی ئایینی یان ئیدعای مرۆڤ بۆ حەقیقەت دێتە ئەژمار. لەو ڕوووە کە دڵ جەوهەرە، بۆ گۆڕانی مۆتیفەکەی، دەبێ بیچم و فۆڕمێک بەدی بێت. کاتێک موسا لەو شوانە بە هۆی داوەت‌کردنی خودا ڕەخنەی گرت، لۆمە کرا:

خودا لە کوێی تا پێداویستییەکانت چارەکەم، خزمەتت بکەم، کەوشەکانت پینەکەم، مووی سەرت شانە و ڕێک و پێکی بکەم.

ئەم جۆرە لە پەیوەندیگرتن لەگەڵ خودا و وێناکردنی، موسای تووڕە کرد:

موسا گوتی: ئەی پیاوی چارەڕەش، تۆ تەنیا بەختی خۆتت خراو کردووە، هێشتا خودات نەدۆزیوەتەوە، ناباوەڕ تۆ گیرت خواردووە.

پێت وایە لەگەڵ کێ دەدوێیت، لەگەڵ مامت یان خاڵت؟

خودای گەورەکەی جەستە و نیازی هەیە.

شاریار شاریاری وەریگێڕاوەتە سەر ئینگلیسی. لەبەردەس دابوو:٧/ ١١/٢٠١٧.

http://www.iranchamber.com/literature/jrumi/masnavi/moses_shepherd.php.

٣٢- ABCFM, Western Turkey Mission, ABC ١٦,٩,٣, v. ١٢.,١٨٨٠-١٨٩٠. v. ٤. C-E, No. ٣٠٠.

٣٣- بۆ وێنە بڕوانە بۆ: فیرنون ئو ئیغر: مێژووی جیهانی ئیسلام، لە ساڵی ١٢٦٠: دامەزراندنی ڕاوێژگەی جیهانی. نیو جیرسی: بیرسون برنتیس هول، ٢٠٠٤: ٣٤-٦.

٣٤ – لە مێژوی نوێدا، بڕێکجار ڕوانگەگەلێک لەم شێوە قەیرانی نێونەتەوەیی ورووژاندووە، مەسەلە برێتییە لە فەتوای خومەینی لە ساڵی ١٩٨٨ لە دژی سەلمان ڕوشدی بریتانی کە لە پاش نووسینی ڕۆمانی شەیتانی لە لایەن زۆرێک موسڵمانی خۆپارێز بە هەڵگەڕاوە تۆمەتبار کرا. بڕوانە بۆ سایتی ڕەسمی ڕوشدی:: دەست پێی ڕادەگات. ١٢ ئاگوستی ٢٠١٧. http://www.salmanrushdie.com/. هەروەها سەلمان ڕوشدی: ئایاتی شەیتانی. (لەندەن: Viking Penguin، ١٩٨٨).

٣٥ – بڕوانە بۆ:هیفنینگ، فیلهلم "هەڵگەڕاوە" لە مەوسووعەی ئیسلامدا ٢، بەرگی. ٧، ص. ٦٣٣-٣٥؛ زویمر، سموئیل م. یاسای هەڵگەڕانەوە لە ئیسلامدا. نیویۆرك، لەندەن: Marshal Brothers Ltd.، ١٩٢٤: ٣١-٥٤.

٣٦ – سەرچاوەی پێشوو.

٣٧ – بڕوانە بۆ: موحەممەد عەبدوە و موحەممەد ڕەزا. تفسیر المنار. بەرگی. ٥- قاهیرە: الحیاة المصریة للأمة الکتاب، ١٩٧٣.

٣٨ - بڕوانە بیتر، ئێر گی دی رایس: هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام، گۆڤاری عالم الإسلام، ١٧ (١٩٧٦- ١٩٧٧): ١-٢٥.

٣٩- ABCFM, Western Turkey Mission, ABC ١٦,٩,٣, v. ١٢.,١٨٨٠-١٨٩٠. v. ٤. C-E, No. ٣٠٠.

٤٠ - نەهري: تحفة الأحباب، ١٢٢.

٤١ – سەرچاوەی پێشوو.

٤٢ - سەرچاوەی پێشوو.

٤٣ - سەرچاوەی پێشوو.

٤٤- ABCFM, Western Turkey Mission, ABC ١٦,٩,٣, v. ١٢.,١٨٨٠-١٨٩٠. v. ٤. C-E, No. ٣٠٠.

٤٥- Ibid.

٤٦ - Ibid.

٤٧- Ibid.

٤٨ – بگەڕێوە بۆ نامەی شێخ بۆ ئیقبالۆدەوڵە، لە جلیلي، جليل: وتارێکی گرینگ لە مێژووی گەلی کورد. (سێزدە پەڕەی جێی سەرنج لە مێژووی گەلی کورد ). ئەستەنبووڵ: ئیفرینسێل، ٢٠٠٧: ٣٨-٤٣.

٤٨- ABCFM, Western Turkey Mission, ABC ١٦,٩,٣, v. ١٢.,١٨٨٠-١٨٩٠. v. ٤. C-E, No. ٣٠٠.

٥٠ بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە کەڵکوەرگرتنی دەوڵەت لە ڕاهێنان و پەروەردە وەک ئامێرێ بۆ بەرهەمهێنانەوەی ئایدیۆلۆژی دەوڵەت، بڕوانە بۆ: مایو، بیتێر: هێژموونی و بارهێنان لە ڕوانگەی نیئۆلیبراڵەکان لە گرامشی. نیۆیۆرك: روتلێج، ٢٠١٥. دووبارە، سوسیر، لویس: لینین و فەلسەفە و وتارگەلێکی دیکە. چاپەممەنی مانگانەی نیۆیۆرک بۆ پێداچوونەوە، ٢٠٠١.

٥١- ABCFM, Western Turkey Mission, ABC ١٦,٩,٣, v. ١٢.,١٨٨٠-١٨٩٠. v. ٤. C-E, No. ٣٠٠.

٥٢- Ibid.

٥٣ - Ibid.

٥٤- Ibid.

٥٥ - بۆ زیاتر لەم بارەوە بگەڕێوە بۆ: سولەیماني، کەمال. "شێخ عوبەیدیللا و ژیاندنەوەی ئیسلامی" (گۆڤاری لێکۆڵینەوەی کوردی، ٤ (١)، (٢٠١٦): ٥-٢٤.

٥٦- ABCFM, Western Turkey Mission, ABC ١٦,٩,٣, v. ١٢.,١٨٨٠-١٨٩٠. v. ٤. C-E, No. ٣٠٠.

٥٧ - نەهری: تحفة الأحباب: ١١١

٥٨- ABCFM, Western Turkey Mission, ABC ١٦,٩,٣, v. ١٢.,١٨٨٠-١٨٩٠. v. ٤. C-E, No. ٣٠٠.

٥٩- Ibid.

٦٠ - سولەیماني، کەمال. "شێخ عوبەیدیللا و ژیاندنەوەی ئیسلامی" (گۆڤاری لێکۆڵینەوەی کوردی ، ٤ (١)، (٢٠١٦): ٥-٢٤.

٦١ - نەهري: تحفة الأحباب: ١٢٠- ١٢١

٦٢ – سەرچاوەی پێشوو.

٦٣- Ke nadârad hích aqvam-e dígar

٦٤ - نەهري: تحفة الأحباب: ١٢٠- ١٢١.

٦٥ - نەهري: تحفة الأحباب: ١٠٩-١٢٧.

٦٦-فەرموودەی نیشانەکانی دووڕوو(منافق):

https://islamweb.net/ar/library/index.php?page=bookcontents&idfrom=٢٢٨&idto=٢٣٢&bk_no=٥٣&ID=٣٤ [لینکەکە وەرگێڕ زیادی کردووە]

٦٧- FO ١٩٥ / ١٣١٥. No. ٢ Political to Trotter from Clayton. Van, ٢nd February ١٨٨٠.

٦٨ - نەهري: تحفة الأحباب: ١٢٩.

٦٩ – سەرچاوەی پێشوو.

٧٠- (Parliamentary Papers. Turkey No. ٥. (١٨٨١. Inclosure ٣. No ٥/٦١.

٧١- ABCFM, Western Turkey Mission, ABC ١٦,٩,٣, v. ١٢.,١٨٨٠-١٨٩٠. v. ٤. C-E, No. ٣٠٠.

٧٢ - ماکدویل. مێژووی نوێی کورد، ٥٨، وئوزوغلو. " ئایا لای کورد ناوەندێتی هەیە؟"، ٢٠٣.

٧٣ – سەرچاوەی پێشوو.

٧٤ – ئەم وشە لە بەڵگەنامەی بنەڕەتی نەخوێندرایەوە.

٧٥- ABCFM, Western Turkey Mission, ABC ١٦,٩,٣, v. ١٢.,١٨٨٠-١٨٩٠. v. ٤. C-E, No. ٣٠٠.

٧٦ بڕوانە بۆ ئارشیڤی سەرۆک وەزیرانی عوسمانی،(BOA: (ئارشیڤی نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی عوسمانی): دۆسییەی ژومارە: ٣، القمیص رقم: ٤، رمز الصندوق: Y. PRK.A؛ ڕێکەوتی: ٢٣ / م / ١٣٠٠ (کۆچی) / [٤,١٢,١٨٨٢]. جێی سەرنجە کە سەرەڕای مێژینەی عەبدولقادر، ئوزوغلو بەردەوام ئەو بە لایەنگری خەلافەت نیشان دەدات. بەو پێیە، ئوزوغلو باس دەکات

کە سەرۆکی حیزبی لایەنگری خەلافەت لە پاش ساڵی ١٩١٢ کەسێک نەبووە جگە لە سەیید عەبدولقادر. ئوزوغلوو هیچ دژایەتییەک لە نێوان ئیددعای سەرەوە و تێبینییەکانی پێشوو نابینێت، کاتێک دەڵێت: " جێ سەرنجە کە لە گەڵ ناوی عەبدولقادر لە CUP ڕووبەڕوو بوومەوە، پاشان ڕێکخراوەیەکی نهێنی بوو کە لە دژی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم کاری دەکرد، چونکە خودی عەبدولقادر بەشێک لە ڕێکخراوەی ئایینی عوسمانییەکان بوو" (٩٠).

ئەم ئیددعایانە کاتێک سەرنجڕاکێشترن کە لە گەڵ پێشینە دەولەتییەکان لە دژایەتی دابێت. بەڵگەنامە دەڵەتییەکان نیشان دەدەن کە عەبدولقادر بە ئەرخەیانییەوە چۆتە شەڕ لە گەڵ دەوڵەت و سوپای ئەوانی لە ساڵی ١٨٨٢ کوشتووە و بریندار کردووە. ئوزوغلو، هاکان. گەورەکانی کورد و دەوڵەتی عوسمانی: ئاڵوگۆڕی شوناس و وەفاداری ڕکابەرێتی و گۆڕانی سنوورەکان. ئالبانی: چاپەمەنی زانکۆی هەرێمی نیۆیۆرک، ٢٠٠٤: ١٢٤.

٧٧- ABCFM, Western Turkey Mission, ABC ١٦,٩,٣, v. ١٢.,١٨٨٠-١٨٩٠. v. ٤. C-E, No. ٣٠٠.

٧٨- Bid.

٧٩ ئارشیڤی سەرۆک وەزیرانی عوسمانی، (BOA): دۆسییەی ژومارە: ٤٨٦؛ ژومارەی پەروەندە: ٦٤؛ ڕەمزی سندووق: {.A MKT.MHM ڕێکەوتی: ٢٩ / (کۆچی)٢٨,٠٤,١٨٨١] ١٢٩٨ / Ca].